# شێرو مشکە بچکۆلەکە

چیرۆکێک
لە فۆلکلۆرەوە

نایف قادر علی

شێرێک لە بێشەیەکدا دەژیا لەو بێشەیەشدا کونە مشکێک هەبوو مشکێکی تێدا دەژیا .

شێرەکە هەموو جارێ کە ماندوو دەبوو لە ڕاو کردن دەگەڕاوە بۆ بێشەکەی بۆ نووستن و حەسانەوە . کە دەنووست مشکەکە لە کونەکەوە دەهاتە دەرەوەو دەچووە سەر پشتی شێرەکەو هەڵدەپەڕی و سەمای دەکرد ، شێرەکە لەخەو هەڵدەستا تاوی دەدا مشکەکە ، مشکەکە خۆی لەکونێ دەنا ، ڕۆژێک نەبوو .. دوو نەبوو .. سێ نەبوو ... شێرە لەدەست مشکەکە بێزار بوو خەوو حەسانەوەی حەرام بوون .

سەیرە زۆر سەیرە درندەیەکی وەک شێر مشکێکی بچووک بێزاری بکاو دەستیشی بەسەردا نەشکێت . ڕۆژێ لە ڕۆژان شێرەکە بەناو دارستانێک تێ‌دەپەڕی چاوی بەمام ڕێوی کەوت و پاش چاک و چۆنی شێرەکە مەسەلەکەی هووردو بارێک بۆ گێڕایەوە کەچۆن بێزاربووەو خەوی حەرامە لەسای گیانەوەرێکی بچووکەوە . پاشان داوای لێ کرد فێڵێکی بۆ بدۆزێتەوەو لەم بێزاری‌یە ڕزگاری کات مام ڕێوی ووتی : دەبا بچین بۆ لای بێشەکەو ئەو گیاندارەم نیشان‌دە ، چوونە بێشەکەو شێرەکە وەک جاران پاڵی داوەو مام ڕێویش لەولاوە لەپشت بەردێک خۆی شاردەوە ، مشکەکە وەک جاران هاتەوە سەر پشتی شێرەکەو دەستی کرد بەسەما کردن . ئیتر مام ڕێوی زانی گیانەوەرەکە مشکەو بەشێرەکەی ووت : دوژمنی مشک پشیلەیە ، هەر ئێستا دەچمە ناو دارستان و پشیلەکی نێرەو یەکی مێ‌یەت بۆ دێنم بالەناو بێشەکەدا لەگەڵتا بژین کەمشکەکە زانی بێشەکە پشیلەی لێیە ناوێری لەکون بێتە دەرەوەو خەوت لێ‌حەرام بکا ...

مام‌ڕێوی چووە ناو دارستان و دوو پشیلەی « نێرەو مێ‌یە » ی هێناو گەڕایەوە بێشەکەو بەشێری ووت دوژمنی مشکم بۆ هێنای ، چیتر خەوو حەسانەوەت حەرام نابێ و لەپاداشتی ئەم کارەیان دەبێ هەموو جەم گۆشتی کێروشک و مامزیان بدەیتێ پەپشیلەکانیشی ووت : مشکێک لەم بیشەیە هەیە خەوو حەسانەوەی شێری حەرام کردووەو دەبێ ئاگاداری‌بن کە دەخەوێ .

ووتیشی : گەر دەتانەوێ گۆشت کێرووشک و مامزتان لەدەو نەدرێتەوە ، مشکەکە مەکوژن و تەنها لێ‌مەگەڕێن کەشێرەکە دەخەوێ بێ لەسەر پشتی سەما بکات . پشیلەکان گوێ ڕایەڵی مام ڕێوی بوون .

دوو پشیلەکە لەبێشەکەدا جێگیر بوون و خانوو یکیان بۆ خۆیان کردو بەبەختیاری دەژیان و هەموو جەمێ گۆشت کێرووشک و مامزیان لەبەر دەماوە .

مشکەکەش سەری لەکون هێنابادەرێ تاویان دەدایێ و لێ‌نەدەگەڕان خەوو حەسانەوەی شێرەکە تێک بداو بێزاری بکات بەم جۆرە شێرەکە ماوەیەک حەسایەوەو لە ئازاری مشکەکە بەدووربوو ماوەیەکی پێ چوو پشیلە مێ‌یەکە سێ چوار بەچکەی بوو ، بەچکەکان لەگۆشت کێرووشک و مامز تێرو تەسەل بوون ، وایان لێ‌هات خەپە تۆلە بوون لێرەو لەوێ لەبێشەکەدا هەڵدەبەزین و یاری‌یان دەکرد . ڕۆژێک لە ڕۆژان دوو پشیلەکە « داکەو بابە » ڕۆیشتن بۆناو دارستان و بەبەچکەکانیان ووت لەمشکەکە ئاگاداربن شێرەکە لەخەو نەکات ، پاش ئەوەی دوو پشیلەکە ڕۆیشتن بەچکەکان « فەرخەکان » لەناو بێشەکەدا بڵاوەیان کردو هەریەکەیان لەلایەک هەڵدەپەڕی و یاریی دەکرد ، بەم جۆرە چەند شەقاوێک لەکونی مشکەکە دوور کەوتنەوە ... ئیتر مشکەکە ئەو وەختەی بەهەل زانی لە کونەکەی هاتە دەرەوە لەوکاتەدا بەچکەکان تاویان دایێ و هەنجن هەنجنیان کردو خواردیان .

کەدوو پشیلەکە « داکەو بابە » لە دارستان گەڕانەوە سەریان بەکونی مشکەکە داگرت . مشکەکەیان تیادا نەدی . بەبەچکەکانیان ووت کوا مشکەکە دیارنی‌یەو چی بەسەر هاتووە ؟!...

بەچکەکان ووتیان : ئێمە هەنجن .. هەنجنمان کردو خواردمان .

ئیتر هەردوو پشیلەکە « داکەو بابە » دەستیان کرد بەگریان و لە سەری خۆیان داو ڕووی خۆیان ڕنیەوە ، پاشان ووتیان : ـ ئەی بەچکەکان نانی ئێمەو نانی خۆشتان بری گۆشت کێروشک و مامزمان لەدەو دەدرێتەوە ، نانی ئێمە بەبوونی ئەو مشکەوە بوو کە لە ناو چوو شێر بۆچی بەخێومان دەکات ؟!...

چەند ڕۆژێکی کەمی پی چوو شێرەکە زانی مشکەکە لەبێشەکەی نەماوەو لەناو چووە بەپشیلەکانی ووت : پێویستیم پێتان نەماوەو ئەم بێشەیە بەجێ بێڵن . پشیلەکان دەرکران و بەبێ خانوو بەبرسێتی هەریەکەیان بۆلایەک بڵاوەی کردو هەتا هەتایە ئەو خۆشی و تێرو تەسەلیەیان نەدیتەوە .